# تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن

## نظريات التعلم والتعليم

## Learning and Teaching Theories



**بەشی یەکەم:**

**دەروونزانی فێربوون و فێرکردن**

مامۆستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا

araz.radha@su.edu.krd

# دەروونزانی

# فێربوون و فێرکردن

بەشی یەکەم





araz.radha@su.edu.krd

- “هەرگیز لە فێربوون مەوەستە، چونکە ژیان هەرگیز لە وانەپێدان ناوەستێت”
- “Never stop learning, because life never stops teaching”.

- Michael Josephson -

- فێرم بکە لەبیرم دەمێنێت (Teach me and I remember).
- پێم بڵێ لە یادی دەکەم (Tell me and I forget).
- بەشداریم پێبکە فێردەبم (Involve me and I learn).

- Benjamin Franklin -



araz.radha@su.edu.krd




Topics Educational Psychology

## بابەتەکانی دەروونزانی پەروەردەیی


araz.radha@su.edu.krd

- دەروونزانی چییە؟

- دەرونزانی پەروەردەیی (فێربوون و فێرکردن) چییە؟

- لەبەرچی پێویستە ئەو بابەتە بخوێنین، گرنگی بابەتەکە لەچیدایە؟


araz.radha@su.edu.krd

# پێناسەی دەروونزانی

- "لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ژینگەدا".
- "ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە لە ئەنجامی ورووژێنەرەکانەوە دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفی و ئەزموونییەکانیدا دەگەڕێت".

- هەرچی (ڕەفتار)یشە لە سێ لایەنی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش بریتین لە: (لایەنی عەقڵی و هەڵچوونی و جەستەیي)، بەجۆرێك کە دەروونزانی لە تەواوی ئەم سێ لایەنەی ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی.


araz.radha@su.edu.krd

# پێناسەی دەروونزانی پەروەردەیی

- دەرونزانی پەروەردەیی زانستی پەروەردەیە.
- دەروونزانی پەروەردەیی بە هەموو مانایەک بریتییە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنان و بوونیادنانی ڕەفتاری قوتابی.
- دەروونزانی پەروەردەیی ئەو لقەی دەروونزانییە کە مامەڵە لەگەڵ فێربوون و فێرکردندا دەکات.
- دەروونزانی پەروەردەیی ئەو زانستەیە کە یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ تێگەیشتن لە بەرەوپێشچوونی قوتابیان هەروەها ئەو هۆکارانەی بەربەستن لە بەردەم تواناکانیان.


araz.radha@su.edu.krd

# ئامانجی دەرونزانی پەروەردەیی (فێربوون و فێرکردن)

1. دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دەروونزانی و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.
2. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.
3. گرنگیدان بە جۆرێتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.
4. ڕێنوێنیکردن بۆ تێگەیشت لەوەی فێرخوازان چۆن فێردەبن.
5. هاوکاریکردنی فێرکاران تا بتوانن بەشێوەیەکی باشتر و کاریگەرتر زانیارییەکانیان بگەیەنن.
6. پێشکەشکردنی ستراتیژی باشتر بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی کوالیتی فێربوون و هاندان.
7. یارمەتیدانی پەروەردەکاران بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگاکانی فێربوون.


araz.radha@su.edu.krd

# گرنگی دەرونزانی پەروەردەیی (فێربوون و فێرکردن)

## یەکەم: بۆ فێرخوازان: (Learners):

✓ دەرونزانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوە لە چەندین هۆکار دەکات کەوا کاریگەریان لەسەر فێرخوازان هەیە، لەوانە: ژینگەی ماڵەوە، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، گروپە بچووکەکان، لایەنی سۆزداری و دروستی مێشك. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین رێگا و میتۆدی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست بە فێرخوازان لە لایەنی مێشك و هەڵسوکەوتیانەوە. هەروەها یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ ئەوەی باشترین شێوازی فێربوون (Learning styles)ی خۆیان بدۆزنەوە.


araz.radha@su.edu.krd

# گرنگی دەرونزانی پەروەردەيي (فێربوون و فێرکردن)

## دووەم: لە پرۆسەی فێربووندا (Learning process):

- ✓ دەرونزانی پەروەردەيي لێکۆڵینەوە و گەڕان بۆ ئەوە دەکات کەوا چۆن ئەو زانیاریانە بە باشترین و ئاسانترین شێوە بگوازرێنەوە بۆ فێرخوازان. هەروەها ئەو میتۆدانە کامانەن کە باشترینن بۆ ئەو مەبەستە بەپێی ژینگەی فێرکاران و فێرخوازان.



araz.radha@su.edu.krd

# گرنگی دەرونزانی پەروەردەیی (فێربوون و فێرکردن)

## سێیەم: لە بارودۆخەکانی فێربوون (Learning situations):

- ✓ دەرونزانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوە لەو فاکتەرانە دەکات کەوا کاریگەریان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیەك بۆ نموونە: چۆنیەتی ڕێکخستنی پۆل لەگەڵ ئەو ئامێرە دەنگانەی کەوا تێیدا بەکاردێت و هتد. یاخود وەک ئەوەی فێرخوازان چ سکێڵێکیان پێویستە یاخود دیاریکردنی ئەو فێرخوازانەی دەروونیان ناهاوسەنگە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.



araz.radha@su.edu.krd

# گرنگی دەروونزانی پەروەردەیی (فێربوون و فێرکردن)

## چوارەم: پرۆگرامی خوێندن (Curriculum development):

- یارمەتی ئەو شارەزایانە دەدات کەوا پرۆگرامی خوێندن دادەنێن یاخود پەرەی پێدەدەن بەوەی کەوا
- چی جۆرە پرۆگرامێک گونجاوە؟ چی جۆرە ناوەڕۆکێك پێویستە بە مامۆستایان بدرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوو بۆ نەوەی نوێی بگوازنەوە؟


araz.radha@su.edu.krd

# گرنگی دەرونزانی پەروەردەیي (فێربوون و فێرکردن)

## پێنجەم: تەکنیکەکانی هەڵسەنگاندن (Evaluation techniques):

- دەرونزانی پەروەردەیي یارمەتی مامۆستایان دەدات کەوا چ جۆرە تەکنیکێکی هەڵسەنگاندن گونجاو و پێویستە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی قوتابیانی پێبکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند ئەو تەکنیکانە سوود بەخش بوونە لە گەیاندنی زانیارییەکان.


araz.radha@su.edu.krd

# فێربوون چییە؟

- زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتی تاک.
- فێربوون پرۆسەیەکە وا لە مرۆڤ دەکات بگۆڕێت، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەش وا دەکات کەسەکە زانیاری زیاتر بێت و بتوانێت کارەکانی باشتر ئەنجام بدات، ئەم گۆڕانکاریانەش لەوانەیە لە هەڵسوکەوت، ڕەوشت یان زانیاری بێت و دەرەنجام جیهان جیاوازتر دەبینێت.
- فێربوون شتێک نیە تۆ بە قوتابیەکانت ئەنجامی بدەیت، بەڵکو شتێکە قوتابیان خۆیان بە خودی خۆیان ئەنجامی دەدەن. کە ئەمەش وادەکات کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کاردانەوەکانیان بەرامبەر بە ژیان هەبێت.
- فێربوون پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاری و بوون بە شارەزایە (expertise).


araz.radha@su.edu.krd

# پێناسەی فێربوون

- فێربوون دەکرێت چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت و کرابێت، بەڵام لە دیارترین پێناسەیدا کە زۆربەی دەروناسەکان هاوڕان لەسەری ئەویش بریتییە لە:
- ✓ گۆڕانکاریە لە هەڵسوکەوت (behavior) یان معریفە (knowledge) کە لە ئەنجامی ئەزموون (experience)ەوە ڕوودەدات.
- ✓ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، قوتابخانەی بیر کە ناسراوە بە ڕەوشت ناسی هەوڵی زۆریدا بە پشت بەستن بە دەروناسی بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی پرۆسەی فێربوون، لە ئەنجامدا سێ جۆری سەرەکی فێربوون دیاریکران ئەوانیش: (گونجانی کلاسیکی (classical conditioning)، گونجانی کارا و فێربوون ( operant conditioning) لە ڕێگای تێبینی کردنەوە(observational learning) بوو).


araz.radha@su.edu.krd

# پرۆسەی فێربوون





araz.radha@su.edu.krd

# گرینگی فێربوون (Importance of learning)

1. بۆ بەدەستهێنانی ئامانج: دەکرێت بڵێین هەموو کەسێك لە ژیانی چەندین ئامانج و حەزی جیاجیای هەیە، جا گەورە یان بچوك بێت. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کەسەکان بەهرە و توانایان هەبێت و هەوڵی بۆ بدەن.
2. باوەڕ بەخۆبوون و سەرکەوتن لە کاردا.
3. بوون بە سەرکردە (Leadership).
4. بۆ ئەوەی داهێنان بکەین و کارامەیي تازە فێربین: بۆ نموونە کۆمەڵێك خەڵك بیرۆکەی بازرگانی زۆر باشیان هەیە، بەڵام توانای ئەوەیان نییە بیکەن بە واقیع ئەمەش لەبەر نەبوونی کارامەییان.
5. بۆ بەدەستهێنانی کار.
6. بۆ بەدەست هێنانی سەرچاوەیەکی دارایي باش.


araz.radha@su.edu.krd

# فێرخوازان چۆن فێردەبن (How do People Learn?)؟

| تەکنیکە بەکارهاتووەکانی فێربوون | شێواز یاخود ڕێگای فێربوون | ئاستی وەرگرتن و فێربوون |
|---|---|---|
| لاپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، پەرتووکەکان، بەڵگەکان | خوێندنەوە | کەمترین |
| گرافیکەکان، وێنەکان، ڤیدیۆکان | بینین | |
| وانەکان، گفتوگۆکان، دەنگەکان، سیمینارەکان | بیستن | |
| بەڵگەکان، ڕاهێنانەکان، دووبارە لێدانەوەی ڤیدیۆکان، وێنە جوولاوەکان، سیناریۆکان | سەیرکردن | |
| لاساییکردنەوەکان، ڕاهێنانەکان لەسەر پیشە، کارگەکان، کارلێککردنەکانی تۆڕەکان، سیناریۆکان | کردن | |
| چاودێریکردن، هاوکاریکردنی بەڕێوەبەر، ڕاهێنان | فێرکردن | زۆرترین |


araz.radha@su.edu.krd